# مێژووی دراما وەک یەکێک لە ڕەگەزەکانی ئەدەب

لە عەرەبییەوە: مەغدید حاجی

شانۆگەری (دراما ) کە لەمەودوا باسی لێوە دەکەین تا ئێستا لە ڕەگەزەکانی تری ئەدەب لەوانە داستان و چیرۆک و حیکایەت.. تاد جیاکراوەتەوە، چونکە ئەم ڕەگەزانە پشت بە گێڕانەوە دەبەستن، هەرچی شانۆگەرییە گفتوگۆ وەک ڕەگەزی سەرەکیی ڕووداوەکان ڕۆڵی خۆی تێدا دەگێڕێ، هەر ئەمەشە ئەرستۆ لە بارەی شانۆگەرییەوە ئاماژەی پێ داوە کە (شانۆگەری گێڕانەوەی شانۆی سروشتە «محاكاة للطبيعة»، بەڵام لە ڕێگای گفتوگۆ و ململانێی کەسەکان نەک لە ڕێگای گێڕانەوەوە، بۆیەش جەوهەری شانۆگەری کار و ڕووداوە (الحدث و الفعل).

هەر لەم بارەیەوە بنچینەی وشەی دراما، یان شانۆگەری بەواتای (ڕووداو)، یان (کار- فعل) دانراوە، بۆیە شانۆ کۆمەڵێک ڕووداوە کە بەهۆی پێوەندییەکی زیندوو و کاراوە بەیەکەوە بەستراون و ڕووداوەکان بەرێکی بەرێوە دەڕوا، تا دەگاتە ئەنجامی مەبەست، کە بۆ ئەمەش پێویستی بە ڕووداو و کاری ڕاستەقینەو سروشتی دەروونی هەیە کە ئەم ڕووداوە هونەرییانەی لێ وەردەگیرێ.

لە ڕووی گەشەکردنی ڕەوتی شانۆ، هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ شیعری لیریکی پەرەی سەندووە، سەرەتاش بە شێوەی داشۆرین (الهجاء) بووە بۆ سەر تاک کە مەبەستی شاعیر تانە و ڕەخنەگرتن بووە لە کەسێکی دیاریکراو، دوایی ئەمە گۆڕا بۆ شێوەیەکی گشتی و فراوان، لەمەشدا مەبەستی شاعیر خستنەڕووی کەموکورتی ناو کۆمەڵ بووە، دوای ئەمەش، یان بەگۆڕانی ئەم ڕەوتە کۆمیدیا لە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی و پێکەنیناوی پەیدابوو کە ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتی،



**ئەریستۆڤانس**

دواییش ئایینی بەخۆیەوە گرت، چونکە سەرەتاکەی بۆ ئەو ڕێوڕەسم و سرووتە ئایینییانەی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە کە بۆ خواوەندی (دیۆنیسیۆس) دەیانگێڕا، کە خواوەندی شەراب و سەما و شانۆ بووە، ئەم شێوەیە لە شانۆگەری لە لایەن کۆرسی پیاوانی جۆق پێشکەش دەکرا.

ئەمانە لە بارەی کۆمیدیا، بەڵام هەرچی لە بارەی تراژیدیایە کە جۆرێکی تری دراما بووە، ئەمەیان دەربڕی ناخۆشی و کارەسات و مردن، هەروەها لە شێوەی شیعری مەدح و ستایش بووە، ئەمەشیان شێوازێکی ئایینی هەبووە، کە سروودی ئایینی تێدابووە، ئەم سروودانەش لە جەژنەکانی ستایشی (دیۆنیسیۆس) و بۆ وەسفی ئەو دەوترا. دواییش ستایشی کەسانی خاوەن پلەوپایەی کۆمەڵی پێ دەکرا، لە کۆتاییشدا بوو بەجۆرێکی تری سەرەکی دراما، ئەگەرچی ئەم جۆرە بەتەنیا کەسێک لەجۆقەکان بەڕێوەی دەبرد و لەوەسف و کاری ئەو تێنەدەپەڕی، بۆیە دوایی لەلایەن ئەرستۆ بەشانۆ دانەنرا، لەم بارەیەوە ئەرستۆ گرنگی بە نووسەر و بەرهەمی تری تراژیدی سەردەمانی دوایی دا لەوانە (ئەسخیلیۆس ٥٢٦- ٥٥٦ پ.ز) بەو سیفەتەی ئەسخیلیۆس نوێکارییەکی لە شێواز و کاری شانۆیی ئەنجام دا لەوانە کەسەکانی ناو شانۆگەری لە یەکەوە کرد بەدووان و لە ئەنجامدا گفتوگۆ دروست بوو، بۆیە لەم بارەیەوە ئەرستۆ دەڵێ: (ئەسخیلیۆس یەکەم کەس بوو کە ژمارەی شانۆکارانی لەیەک زیاد کرد بۆ دووان و گرنگی ڕۆڵی جۆقی کەم کردەوە و گفتوگۆی داهێنا.)

دوای ئەوە (سۆفۆکلیس ٤٩٥- ٥٠٥ پ.ز) هات و کەسەکانی لە دووانەوە زیاد کرد بۆ سێ کەس و گرنگی بە تابلۆی ڕەسمیی ناو شانۆکەدا و گۆڕانی تێ خست و هەندێ لایەنی شانۆگەریی لەژێر کاریگەریی خورافیات و زمانی سادەی ئەفسانەیی دەرهێنا. شانۆگەرییەکانی (ئەسخیلیۆس) بە شێوەیەکی گشتی ململانێی نێوان مرۆڤ و قەدەر بووە کە هەموو کات مرۆڤ دەبووە قوربانی قەدەر، بەڵام لەلای (سۆفۆکلیس) لەم بارەیەوە پێشکەوت و مرۆڤی وەک کەسی سەرەکی لە پاڵ قەدەر دانا، لەمەشدا ئازادی مرۆڤ بەدەرکەوت لە ململانێ زاتییەکان کە تێیاندا هەوڵی سەرکەوتنیان دەدا، یان تێیدا دەبووە قوربانی.

لە دوای ئەمانەش (یۆرپیدس) لە ٤٨٠- ٥٠٦ پ.ز)، هەنگاوێکی زیاتری ناو چەند لایەنێکی تری واقیعی و مرۆڤایەتی لە شانۆگەرییەکانی نیشان دا کە زیاتر وێنەیەکی سۆزداری و مرۆڤایەتی بوون، بەڵام دژایەتی خواوەند (الوثنین) و ژنی دەکرد.

هەرچی پێوەندی بە کۆمیدیاوە هەیە لەسەردەمی گریکی کۆن (ئەریستۆڤانس) بەڕابەری کۆمیدیا دادەنرێ، کە کارەکانی لە دواییدا کاریگەرییەکی بەرزی هونەری کردە سەر ئەدەبیاتی تری دوای خۆی، وەک لە ئەدەبیاتی ڕۆمانی (لاتینی)ی کۆن دیارە، کە لە دواییدا ئەدەبی ڕۆمانی سەری هەڵداو لە بواری هونەری شانۆگەریدا فراوان بوو، بەتایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی (١٣)ی پ.ز بوو، بەڵام زۆربەی کارەکان لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەدەبی گریکی یۆنانیدا بووە، چونکە ئەدەبی گریکی خۆی سەرچاوەی داهێنان و خوڵقێنەر بووەو ڕۆمانەکان لاساییان کردۆتەوە.

لە بواری کۆمیدیادا یەکێکی وەک (پلۆتوس) ناسراوترینیان بووە، کە کەسەکانی و بابەت و ڕووداو و گفتوگۆکانی بەشێوازێکی هونەری بەرز و پڕ لە پێکەنین نیشان دەدا. بەرهەمەکانیشی لە دواییدا کاریگەرییەکی زۆریان کردە سەر ئەدەبی ئەوروپایی، بەتایبەتی

کۆمیدیاکانی (ئولولاریا) و (وعاءالذهب) کە یەکێکی وەک مۆلێریش لە کۆمیدیای پیسکەدا (البخیل) دەیگێڕێتەوە.

هەروەها کۆمیدیای (ئەمفیتریۆن) کە کاری کردە سەر چەندان کۆمیدیای تر لە سەردەمانی دوای خۆی کە بە هەمان ناو بڵاودەکرانەوە، ئەمەش لەلایەن (مۆلێر)ەوە لە (١٦٢٢- ١٦٧٣) دەنووسران، هەروەها (دریدن) لە (١٦٢١- ١٧٠٠) لەژێر هەمان کاریگەریدا بووە.

هەرچی پێوەندی بەسەدەکانی ناوەڕاستەوە هەیە، ئەوە زۆربەی شانۆگەرییەکان لە بابەت و شێواز و گێڕانەوەی سرووتی ئایینی بووە، کە زۆربەی بابەتەکانی لە (ئینجیل) وەردەگیران کە لە بارەی لە دایک بوون و لە خاچدانی مەسیح دەدوا، هەروەها لە بابەت حیکایەتی پیرۆز و دەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت و کوشتنی قابیل و هابیل و... تاد بوون، بەڵام لەژێر کاریگەریی ئەدەب و زمانی لاتینی بوو، چونکە تا ئەوکات زمانی لاتینی زمانی ڕەسمی و کڵێسا بووە، هەروەها لە ڕێگای ئەدەبی لاتینی و ڕۆمانی ئەدەبی گریکیش کاریگەریی خۆی کردە سەر ئەدەبیاتی دوای خۆی.

هەرچی لە بابەت سەدەی ڕێنیسانس و ئەدەبی ئەو سەردەمە بڵاوبوو، ئەوە بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی ئەورووپا بۆ شانۆی گریکی کۆن و ڕۆمانی گەڕانەوە، بەتایبەتی لە بارەی بابەت و بیروباوەڕ و لایەنی هونەری، ئەمەش لەژێر کاریگەریی ڕێبازە ڕەخنەییە عەقڵانییەکانی ئەرستۆ کە نووسەرە ئیتاڵییەکان سوودیان لێ وەرگرت و دواییش فەڕەنسییەکان لەسەر هەمان ڕێچکە، ڕێبازی کلاسیکیان دەستنیشان کرد. ئەدەبیاتی ئەورووپاییش و بەرهەمەکان لەژێر کاریگەریی ڕێبازی کلاسیکی و عەقڵانی و لێکدانەوەکانی ئەرستۆ باوی زۆری هەبوو، هەروەها ئەدەب دەربڕی بیروباوەڕی چینی ئەرستۆکراتی بوو، هەر لەم کاتەشدا لەنێو شانۆگەرییەکان ڕۆڵی جۆق نەما، بەڵام لە دوایی و لەسەدەکانی هەژدە و نیوەی یەکەمی نۆزدە ڕێبازی ڕۆمانتیکی بڵاوبۆوە کە لە زۆر لایەن لەگەڵ ڕەوتی ڕێبازی کلاسیکی جیاواز بوو، خۆی بەهەندێ لایەنی هونەری نەبەستەوە وەک بوونی هەر پێنج بەشی شانۆگەری و پەیڕەوی کات و شوێنی نەدەکرد وەک سێ یەکە سەرەکییەکانی شانۆگەریی کلاسیکی. هەوڵی ڕووداو و گفتوگۆی نێوان کەسەکانی دەدا، زیاتر لە ڕۆڵی گێڕانەوە، هەروەها هەردوو جۆری کۆمیدیا و تراژیدیای تێکەڵ بەیەکتری کرد و جۆرێکی تری دراما دروست بوو بە ناوی (درامای ڕۆمانتیکی) کە لە لایەنی ناوەڕۆکەوە گۆڕانی زۆری بەسەرداهات، ئەوکاتە کەسەکان بوون بە کەسی کۆمەڵایەتی نێو خەڵک و بابەتی کۆمەڵایەتی، یان لایەنی زاتی و سۆز و هەستی مرۆڤایەتی زیاتر بەخۆیەوە بینی، دوای ئەوەی بۆ سەردەمانێکی زۆر، تراژیدیا نوێنەری شانۆی چینی سەرەوەی کۆمەڵگای کۆن بوو. دوای ئەم گۆڕانەش و لە دوای ڕۆمانتیکییەت شانۆگەری شێوازێکی نوێی هونەری و بابەتی و کۆمەڵایەتی گرتە خۆ، بەپێی گۆڕانی ڕێبازەکانی تری ئەدەب لەسەردەمی دوای ڕۆمانسییەت وەک ڕێبازەکانی (ڕیالیزم، سیمبۆلیزم، وجوودییەت و ڕیالیزمی سۆشیالیستی... تاد)، بەڵام هەرچی پێوەندی بەشانۆ و ڕەوتی دراما هەیە لەلای عەرەب، ئەوە دەتوانین بڵێین زیاتر ڕەگەزێکی نوێی ئەدەبە لەلای ئەوان، چونکە وەک دەرکەوتووە شانۆگەریی عەرەبی کاریگەر نەبووە بە شانۆگەریی فیرعەونەکانی میسری کۆن، چونکە شانۆگەرییەکان لە شێواز و سرووتی ئایینی دەرنەچووەو بەلای کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا نەچووە، وەک ئەو گەشەکردنەی شانۆی یۆنانی دوای جیابوونەوەی لە شیعری ئایینی، واتا شانۆی فیرعەونەکان لە قاڵبی ئایینی دەرنەچووەو نەچۆتە شێوەی کارێکی هونەری بەرز و مرۆڤ ڕۆڵی تێدا نەبووەو بەسەر کەسانی ترەوە کاریگەر نەبووە، ئەمەش نەبۆتە هۆی هێنانە کایەی ئەدەبێکی کاریگەر بەسەر ئەدەبیاتی دوای خۆی تا بۆ ئێستا بمێنێ، بۆیە دوای پەیدابوونی شانۆگەریی نوێ پێوەندی بەکۆنەوە پچڕاوە.

هەروەها بەهۆی فتووحاتی ئیسلامی کە لە دواییدا میسریش بوو بە ئیسلام، ئەم بەرهەمانە کاریگەر نەبوون، بۆیە لە کۆندا شانۆگەری لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا نەبووە، تەنیا شیعری لیریکی (غنائي) زۆرباوی هەبووە، هەروەها شانۆگەریی گریکی کۆنیش و بەرهەمە ڕەخنەییەکانی ئەرستۆش بەهۆی تەرجەمە نەکردنی بۆ سەر زمانی عەرەبی تا سەردەمانێکی زۆر کاری نەکردە سەر ئەدەبی کۆنی عەرەبی، ڕەنگە ئەمەش بە هۆیەکی سەرەکی بڵاونەبوونەوەی شانۆی عەرەبی دابنرێ، بەڵام ئەوەی تا ئێستا جگە لە بەرهەمە شانۆییەکانی فیرعەونەکان،

هەندێ بەرهەم و شێوازی تری سادە لەنێو ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری عەرەبی دەبینرێ، کە بە ناوی (خیال الظل)، واتا خەیاڵی سێبەر و تارمایی کە بە (البابات)یش ناسراوە کە خاوەنەکەی لە چەند بووکەڵەیەکی لە کاغەز دروست کراویان لە پێستە دروست دەکرد و لە پشت پەردەوە یاری پێ دەکردن، بێ گومان ڕووداو و ململانێکان لەنێوان ئەم بووکەڵانە ڕوویان دەدا و دەنگەکانیش بەپێی کەسەکان دەگۆڕان، بێ گومان لەپشت پەردەکەشەوە چرایەک بۆ ڕووناک کردنەوەی پەردەکە هەبوو، هەریەک لە کەسەکانیش (بابە)یان پێ دەوترا.

هەربەم شێوەیەش لەلای تورکەکان جۆرێکی تری شانۆگەریی بووکینیان هەبووە، بەڵام لە هەندێ شت جیاواز بوون، چونکە بووکەڵەکان تەنیا سێبەریان دیار نەبوو، بەڵکو بەخۆیان دەردەکەوتن، بە پێی ڕووداو و گفتوگۆکان دەجووڵان و دەگۆڕان، ئەم جۆرە شانۆگەرییەش لەنێو عەرەب بڵاوبووەوە، ئەمەش بەهۆی هاتوچۆی هۆزە تورکەکان و کاریگەرییان و کۆنترین شانۆگەری لەم بابەتانە بەدەست گەیشتبێ ئەو (البابات)انەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ (إبن دانیال) (١٢١٠- ١٢٤٨) لە میسری کۆن، (بابا الأمیر وحال) (عجیب وغریب) هەروەها (المتیم والضائع الغریب).

بەڵام لە ئەدەبی نوێی عەرەبیدا هەرچی پێوەندی بە ڕەوتی شانۆوە هەیە کاریگەرییەتی ئەوتۆی ئەم جۆرە لە شانۆگەرییە میللییانەی پێوە نابینرێ، بەڵکو ئەوەی هەرە کاریگەری ئەدەبیاتی ئەورووپایییە بەسەر عەرەبی، بەتایبەتی ئیتاڵی و فەڕەنسی لەسەدەکانی نۆزدە و بیستدا کە زیاتر ڕێباز و شێوازێکی نوێی شانۆگەری و تێکستی شانۆیی نووسراو بڵاوبوونەوە، وەک لە سووریا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بۆ یەکەم جار شانۆگەری سەری هەڵدا، یەکەم کەس لە شانۆ نووسانی عەرەب (مارون النقاش) لە (١٨١٧- ١٨٥٥) بووەو ژیاوە، لەم کاتەشدا ڕۆشنبیری و ئەدەبی ئیتاڵی و فەڕەنسی و تورکی زۆر باوبووە لە پاڵ ڕۆشنبیریی عەرەبی، هەروەها لە هونەری دەرهێنان سوودیان لە ئیتاڵییەکان وەرگرت. (نەقاش) زۆر شانۆگەریی نووسیوە لەوانە (البخیل) کە بەهەمان ناوی (البخیل)ی مۆلێر و (البخیل والبخیل الحسود)ی (کارلو جولدونی- ١٧٠٧- ١٧٩٣) نووسیوە، بۆ ئەمەش دەوترێ کە نەقاش ئاگاداری ئەم شانۆگەرییانە بووەو خوێندوونیەتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا شێوازی تایبەت بەخۆی لە داڕشتن و هونەرکاری هەبووە، بەڵام لە بەرهەمەکانی تریدا بە ئاشکرا کاریگەریی مۆلێر بەسەر بەرهەمەکانییەوە دیارە.

لە شانۆگەرییەکی تریدا بەناوی کۆمیدیا (أبو الحسن المغفل)، یان (هارون الرشید) (١٨٥٠ز) نووسیوە کە ئەم بابەتەشی لە هەزارویەک شەوە وەرگرتووە. لەم بەرهەمەدا (أبو الحسن) پیاوێک بوو کە (هارون الرشید) تەنیا بۆ یەک ڕۆژ کردی بە خەلیفە وەک هەزار و یەک شەوە. پاش ئەوەی خۆی دۆزییەوە لەنێو کۆمەڵێک سەرکێشی کە نەیتوانی سەرکەوتووبێت لە نێوان ململانێکان و حاڵەتی خۆی. دوا بەرهەمی (نقاش) بەناوی (السلیط الحسود) بوو کە بۆ یەکەم جار لە (١٨٥١) پێشکەش کرا کە ئەمەشیان لەژێر کاریگەری شانۆگەریی (الامیر الغیور)ی مۆلێر بووە، بەتایبەتی لە زۆر لایەنی بیروڕا و هەڵوێستدا، هەروەها کاریگەری شانۆی تری ئیتاڵی جگە لە مولێر بەسەر بەرهەمەکانی نەقاش-دا دیارن وەک کۆمیدیای (الغیور)ی (فرانسیسکۆ گرازیانی کە لە «١٥٠٣- ١٥٨٤»دا ژیاوە).

لە دوای ئەمەش کۆمەڵێک لە شانۆکارانی سووریا ڕوویان لە میسر کرد لەوانە (سەلیم ئەلنەقاش) کە برازای مارون ئەلنەقاش بوو، هەروەها (أدیب اسحق) و (یوسف الخیاط) بوون، کە ئەم کۆمەڵەیە لە (١٨٧٦) و لە ساڵانی دواییش چەند شانۆگەرییەکیان لە قاهیرەو ئەسکەندەرییە پێشکەش کرد کە زۆربەیان لە فەڕەنسی و ئەدەبی کلاسیکی ئەوروپی وەگێڕابوونە سەر زمانی عەرەبی وەک شانۆگەریی (أندروماک) و (فیدر)ی شانۆ نووسی فەڕەنسی (ڕاسین) و شانۆگەریی (هۆراس)ی کۆرنێ و (زنوبیا)ی (دو بنیاک)ی فەڕەنسی.

ئەم شانۆگەرییانەش پێشکەش بە خەڵک دەکران لەژێر کاریگەری و ڕووناکیی شێوازی شیعری لیریکی و بە گۆڕانی ناوەکان تا لەگەڵ خولقی عەرەبی بگونجێن. ئەم شێوازەش لە شانۆگەریی عەرەبیدا بەردەوام بوو تا نووسینی شانۆگەریی (کلیۆ پاترا)ی ئەحمەد شەوقی لە (١٩٢٩) کە لەم کاتەوە شانۆی عەرەبی گەشایەوەو نوێخوازی بەخۆیەوە بینی، بە زمانێکی عەرەبی-ی بەرز

و شێوازێکی هونەری شانۆیی مەزن.
وەک لەسەرەوەش ئاماژەمان پێ دا، سەرەتا زۆربەی شانۆگەرییەکانی عەرەبی لە فەرەنسی- ئیتالی و ئەدەبی کلاسیکی وەردەگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی، لە دواییشدا بەپێی گۆڕانی ڕێبازەکان و پەیدابوونی ڕێبازی ڕۆمانسی فەرەنسی لە زۆربەی کاتەکان و دواییش درامای ئینگلیزی، بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر لە پاڵ وەرگێڕانی شانۆگەرییەکانی (شەکسپیر) کە نزیک بوو لە ڕۆمانسییەت لە هەندێ ڕەگەزی هونەری، دواییش هەوڵ درا بە وەرگێڕانێکی ورد و پاک و پاراو شانۆگەرییەکانی تری ڕێبازی ڕیالیزم و وجوودییەت و..تاد گرتەوە.

هەرچی پێوەندی بە شانۆگەریی ڕەسەنی عەرەبی هەبوو، دواتر بەپێی ڕێبازەکان زۆر و جیا جیا بوون، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خۆی بەڕێبازێکی دیاریکراو نەدەبەستەوە، بەڵکو کاریگەربوو بە گشت ڕێبازەکانی سەرەتا، بە کلاسیکییەت لە ڕووی هونەری و دواییش بە ڕۆمانتیکی لە ڕووی سۆزداری و زاتی کاریگەربوو، هەروەها دوای خستنە ڕووی ڕووداوی مێژوویی و بابەتی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری...

هەرچی پێوەندی بە شانۆگەرییە ناخوداوەندییەکانەوە هەیە، ئەوە زۆربەی بابەتەکانی کۆمەڵایەتی بوون، یان خێزانداری وەک لە شانۆگەریی (حفلة شاي)ی مەحموود تەیموور، کە ئەگەرچی ئەم بەرهەمە لەڕووی ناوەرۆک و هونەرکاری شانۆی عەرەبی، گرنگی تایبەتی خۆی هەبووە، بەڵام لەژێر کاریگەری کۆمیدیای (المتفيهقات المضحكات)ی مۆلێر لە ڕووی شێواز و زمانی و گفتوگۆکان نووسراوە.

هەرچی پێوەندی بەڕێبازی ڕەمزی (سیمبۆلی) لە ئەدەبی عەرەبیدا هەیە، ئەوە وەک (المفرق الطريق)ی (بشر فارس) کە لە (١٩١٧) نووسراوە، بابەتەکەی لە دەوری کچێ بەناوی (سەمیرە) دەسووڕێتەوە کە ڕەمزی ڕوحی سەرەتایی هەیە بۆ گەڕان بەدوای حەقیقەتدا، بەڵام بەچەند کۆتێکی ماددی و کەموکورتی ماددی و دنیایی بەستراوەتەوە... تاد کە سەرجەمی فیکرەکە ململانێیە لەنێوان بیری ماددی و تەجریدی، لەنێوان ڕووناکیی عەقڵ و تاریکی سۆز لە پێوەندییان بە ڕوحەوە، ئەم شێواز و ڕێبازەی نووسەر نزیکە زۆر لە سیمبۆلییەتی (ڤرلین) و ململانێکانی (بۆدلێر)ی فەرەنسی.

هەروەها (توفيق الحكيم) لەسەر هەمان ڕەوت و ڕێبازی ڕەمزییەت شانۆگەریی نووسیوە، بەڵام بەتێکەڵ کردنی لەگەڵ هەندێ ڕووداو و کێشەی کۆمەڵایەتی، یان بیروڕای فەلسەفی لە پێوەندی بە تاک و بە کۆمەڵ وەک لە شانۆگەری (أهل الكهف)، بەڵام هەرچی پێوەندی بە ڕێبازی ڕیالیزمییەوە هەیە، ئەوە نووسەری بەناوبانگ (مەحموود تەیموور) بەیەکێک لە نووسەرە دیارەکان دادەنرێ کە بەشێوەیەکی ورد و ڕێک گرنگی بە کۆمەڵگا و ژیانی کۆمەڵەوە داوە، ئەمەش لەژێر کاریگەری نووسەری واقیعی بەناوبانگی ئەوروپایی (گی دی مۆپاسان)ی فەرەنسی بووە.

**سەرچاوە:**

**(الأدب المقارن)، محمد غنيمي هلال، القاهرة ١٩٥٣.**